دەبینم خەونەکانتان وەکو یەک بووە سەبارەت بە حەوت شەوی کۆتایی، بۆیە ئەوەی بە دوایدا گەڕا با لە حەوت شەوی کۆتاییدا بە دوایدا بگەڕێت

لە ئیبن عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: پیاوانێک لە هاوەڵانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- شەوی قەدریان پێ نیشاندرا لە خەونیاندا کە لە حەوت شەوی کۆتاییدایە، بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «دەبینم خەونەکانتان وەکو یەک بووە سەبارەت بە حەوت شەوی کۆتایی، بۆیە ئەوەی بە دوایدا گەڕا با لە حەوت شەوی کۆتاییدا بە دوایدا بگەڕێت».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

چەند پیاوێك لە هاوەڵانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- شەوی قەدریان بینی لە خەودا؛ بەوەی لە حەوت شەوی کۆتایی مانگی ڕەمەزاندایە. پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: دەبینم خەونەکانتان هاوشێوەیە دەربارەی حەوتی کۆتایی مانگی ڕەمەزان، بۆیە هەرکەسێك مەبەستی بەدەستهێنانی پاداشتە لە ئەو شەوە، و بەپەرۆشە لەسەر گەیشتن پێی، ئەوا با کۆشش بکات لە گەیشتن پێی و بەدەستهێنانی پاداشت تێیدا بە ئەنجامدانی کردەوە چاکەکان؛ چونکە هیوای زیاتر هەیە بەوەی لە حەوت شەوی کۆتایی بێت، ئەمیش لە شەوی بیست وچوارەوە دەستپێدەکات ئەگەر مانگەکە بیست ونۆ بێت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4545